پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- و ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، تاوانێکم کردووە دەبێت سنوورم لەسەر جێبەجێ بکرێت؛ بۆیە لەسەرمی جێبەجێ بکە

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- و ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، تاوانێکم کردووە دەبێت سنوورم لەسەر جێبەجێ بکرێت؛ بۆیە لەسەرمی جێبەجێ بکە، وئامادەی نوێژکردن بوو، لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نوێژی کرد وکاتێک نوێژکردن تەواو بوو، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، تاوانێکم کردووە کە دەبێت سنوورم (حەدم) لەسەر جێبەجێ بکرێت؛ بۆیە حوکمی کتێبی خوای گەورە (قورئان) لەسەرم جێبەجێ بکە، -صلى الله عليه وسلم-فەرمووی: «ئایا لەگەڵ ئێمە ئامادەی نوێژکردن بووید؟»، ووتی: بەڵێ، فەرمووی: «لێخۆشبوون لە تۆ بڕیاردرا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پیاوێک هات ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، تاوانێکم کردووە کە دەبێت سنوورم (حەدم) لەسەر جێبەجێ بکرێت؛ بۆیە لەسەرمی جێبەجێ بکە (واتا حوکمی خودا لەسەرم جێبەجێ بکە)، ئەنەس دەڵێت: (وپرسیاری سەبارەتی نەکرد) واتا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری نەکرد سەبارەت بە تاوانەکە ئایا چییە کە هۆکارە بۆئەوەی سنووری شەرعی لەسەر جێبەجێ بکرێت؟ ووتراوە: چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زانیاری هەبوو سەبارەت بە تاوانەکەی ولێخۆشبوونی لە ڕێگەی وەحیەوە، (ئامادەی نوێژکردن بوو، لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نوێژی کرد): واتا یەکێک لە نوێژەکان یان نوێژی عەسر بوو وکاتێک نوێژەکە تەواو بوو هەستا و ووتی: (ئەی پێغەمبەری خودا، تاوانێکم کردووە دەبێت سنوورم -حەدم- لەسەر جێبەجێ بکرێت): واتا حوکمی خوای گەورە لە قورئان وسونەت لەسەرم جێبەجێ بکە بەو شێوەیەی بەڵگەی لەسەر هاتووە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئایا لەگەڵ ئێمە ئامادەی نوێژکردن بووید؟)، ووتی: بەڵێ، فەرمووی: (لێخۆشبوون لە تۆ بڕیاردرا یان لێخۆشبوون لە جێبەجێکردنی سنوورەکە لەسەر تۆ بڕیاری لەسەر درا)، ومەبەست لە سنوور (حەد) سزایەکی گشتیە بۆ تەمبێکردن، ولەوەیە مەبەست شتێکی تر بێت نەک مەبەست هەقیقەتی جێبەجێکردنی سنوورەکان بێت لە ڕوانگەی شەریعەتەوە، وەکو زینا کردن ومەی خواردنەوە، وحیکمەت لەوەدایە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری سەبارەت بە تاوانەکە نەکرد ئەوەیە کە زانیاری هەبوو سەبارەت بەوەی جۆرێک لە بیانووی -عوزری- هەیە، بۆیە پرسیاری نەکرد سەبارەت بە تاوانەکە بۆ ئەوەی سنوورەکەی لەسەر جێبەجێ نەکات، چونکە ئەگەر تاوانەکەی بزانیایە ئەوا واجب بوو کە سنوورەکەی لەسەر جێبەجێ بکات ئەگەرچیش تەوبەی کردبێت؛ چونکە تەوبە کردن نابێتە هۆی جێبەجێنەکردنی سنوورەکان جگە لە سنووری کەسی ڕێگر وچەتە چونکە ئایەتی لەسەر هاتووە، وهەروەها سنوور جێبەجێ ناکرێت لەسەر کافرێک کە زینای کردبێت وپاشان ببێت بە مسوڵمان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3658